گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی کارگێڕی کورد لە دەوڵەتی عەبباسی لە بغداد لەنێوان سەدەکانی (٣-٧ک/٩-١٣ز)

**ڕێژنە محمد ڕشید**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.
rezhnamuhammad94@gmail.com

**پ . ی . هەمزە کاکە یاسین**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.
hamza.yaseen@soran.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٥/٢٢
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٢٣
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
کارگێڕی، دادوەری، دیوان ، نوێنەر ،باڵیۆز.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.5

## پوختە

ڕۆڵی کورد لە بەغداد لە ماوەی سەدەکانی(٣-٧ک/٩-١٣ز) بە یەکێک لە پرس و بابەتە گرنگەکان دادەنرێت لە لێکۆڵینەوەی زانستیەکاندا، بە تایبەت لەلایەن مێژوونوسانی سەدەکانی ناوەڕاست، کۆمەڵێک پرس و بابەتی تایبەتی شارستانی هەیە کە بە باس نەکراوی ماونەتەوە لەم ماوەیەدا. ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر چەند بابەتێکی مێژوویی پەیوەست بە ڕۆڵی کورد لە بەغداد، بەتایبەتی لایەنی دادوەری و دیوانەکان و نوێنەرە کوردەکان لە بەغداد ، ئەو کەسایەتی و بنەماڵانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لەم بوارەدا، هەروەها چۆنیەتی وێناکردنی بوونی تاکی کورد لە دام و دەزگاکانی بەغداد، بەتایبەتیش لەسەردەمی خەلافەتی عەباسی، لە چوارچێوەی ئەم دەقە مێژوویانەی کە لەم توێژینەوەیەدا باسیان لێوە کراوە، دەردەکەێت کە کورد چ ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەبواری کارگێڕی لە بەغداد لە چەندین پلە و پۆستی جیاوازدا کاری کردووە ، کوردەکان تەنها لەیەک بواری کارگێڕیدا پێگەیان نەبووە، بەڵکو چەندین پلە وپۆستی بەرز و جیاوازیان وەرگرتووە و بەسەرکەوتووی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێیدا کاریان کردووە. لە چوارچێوەی ئەم بابەتە ڕۆڵی کارگێڕی کورد لە بەغداد لەسەدەی(٣-٧ک/٩-١٣ز) وەک ناونیشانی بابەتەکە هەڵبژێردراوە .

وشە کلیلیەکان:

## ١.١پێشەکی

لە ماوەی نێوان سەدەکانی(٣-٧ک/٩-١٣ز) چەندین کەسایەتی دەرکەوتن کە ڕۆڵی گرنگیان بینی لە بواری کارگێڕی لە بەغدادی پایتەختی، دەسەڵاتی عەباسیەکان ئەم کەساتییانە لە پۆستی جیاوازی کارگێڕیدا دەست بەکاربوون. لە گرینگترین ئەم پۆستانە دادوەری و دیوان و نوێنەرایەتی کردن و چەندانی تر بوون.

لەسەرەتادا ڕۆڵی کورد زیاتر ڕۆڵێکی سەربازی بووە، بەڵام بە تێپەربوونی کات زۆر لە کەسایەتیە کوردەکان پلەی بەرزی کارگێڕیان وەرگرتووە، بە تایبەت دوای لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی عەباسیەکان.

کوردەکان بە هۆی بە دەستهێنانی متمانەی دەسەڵاتدارانی عەباسی و تەنانەت هێزەکانی دوایی عەباسیەکان کە لە بەغداد دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست توانیویان لە نزمترین تا بەرزترین پۆستە کارگێڕییەکانی بەغداد کاربکەن، بەشێک لە بنەماڵە کوردییەکان مێژوویەکی درەوشاوەیان بۆ خۆیان تۆمارکردووە لە بەڕێوەبردنی پۆستە کارگێڕییەکانی ، بەهۆی سەرکەوتوویی لێهاتوویان چەندین نەوەی دوای خۆیان بەردەوام بوونە لە وەرگرتنی پۆستە گرنگەکانی ئەم بوارە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە: هەر یەکێک لەو کەساتیە کوردانە ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە مێژووی دەسەڵاتدارێتی کورد لە مەرکەزی دەسەڵاتی عەباسیەکان کە ئەو کات گەورەترین و بەناوبانگترین ناوەندی سیاسی و شارستانی بووە لە سەدەکانی ناوڕاستدا، لە ڕێگای ئەم پێداچونەوەیە ویستمان تیشک بخەینە سەر بەشێک لە لایەنە فەرامۆشکراوەکانی مێژووی کورد لە بەغداد، دووبارە خستنەڕوویان لە پێناو دووبارە هەڵدانەوەی لاپەڕە درەوشاوەکان و

دەوڵەمەندکردنی مێژووی شارستانی کورد لەوکاتەدا و دەرخستنی گرنگی کورد وەک پێکهاتەیەکی گرنگ لە بەغداد لەم سەردەمەدا.

### ٢.١پرسیاری توێژینەوە:

- گرنگترین ئەو پۆستە کارگێڕیانە چی بوون کە کوردەکان لە بەغداد وەریانگرت لەماوەی تێژینەوەکە؟
- کامە بنەماڵەی کورد زۆرترین پۆست کارگێڕیان وەرگرتووە و لە چ بوارێکدا بووە؟

لە توێژینەوەکەماندا هەوڵمانداوە بە سود وەرگرتن لە سەرچاوە ڕەسەنەکان و ژێدەرەکان وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە.

### ٣.١چوارچیوەی توێژینەوە:

لە توێژینەوەکەماندا هەوڵمانداوە کە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوە بدەینەوە لە چوارچێوەی ئەو پلانەی کە بۆ توێژینەوەکەمان ڕێکمان خستووە، وە توێژینەوەکەمان دابەشی سەر چوار تەوەرە کردووە، لە تەوەرەی یەکەم ئاماژەمان کردووە بە گرینگترین ئەو دیوانانەی کە کورد تیایدا ڕۆڵیان هەبووە، لە تەوەرەی دووەم ڕۆڵی کوردمان لە سەرجەم لایەن جیاوازەکانی سیستەمی دادوەری لە بەغداد خستۆتە بەر باس، ناوەڕۆکی تەوەرەی سێیەمان پێکهاتووە لە ئاماژەدان بەو نوێنەرو باڵیۆزە کوردانەی ڕۆڵی گرنگیان بینیووە لە فەراهمکردنی ئاشتی لەنێوان دەسەڵاتدارانی بەغداد و دەسەڵاتدارانی دەوروبەر، هەرچی تەوەرەی چوارەم و کۆتاییە گرنگی ڕۆڵی کەساتیە کوردەکانمان خستۆتە بەر باس لەو پۆستانەی تایبەت بوونە بە پاراستنی هێمنی و ئاسایشی بەغداد، لە کۆتایدا ئاماژەمان بە دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان داوە.

### ٤.١میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاریمان بەکارهێناوە، میتۆدی شیکاری ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵاتیەکانە، بە تایبەتیش لە بواری پەروەردە و سایکۆلۆژیادا بەکاردێت،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرفراوانترین میتۆدە تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر دیاردە و ڕووداوەکانی ئێستا دەکەنەوە.(فرج، ٢٠٢٠، ٩٠-٩٣)

## ١.٢ڕۆڵی کارگێڕی کورد لە بەغداد لە سەدەی(٣-٧ک/٩-١٣ز)

لە (النظم الاسلامية) ئایین و دەوڵەت، بنەماکانی ژیان و سیستەمی ژیانە، سیستەمی ئیسلامی هیچ ڕێگایەکی نەهێشتۆتەوە بۆ سیستەمە کاتیەکان بۆ دیاریکردنی بنەماکان و دانانی یاساکان، لە سیستەمی ئیسلامیدا پشت قوئانی پیرۆز دەبەسترێت و بەپێی ئایەتەکانی قورئان کاروباری سیاسیو کارگێری ڕێک دەخرێت، پیغەمبەر( د.خ) لەسەر بێت وەک یەکەمین کەس کە کاری بە سیستەمی ئیسلامی کردووە، هیچ سیستەمێکی دیاریکراوی سیاسی و کارگێڕی دانەناوە و لە داوی خۆی جێنەهێشتووە، بەڵکو لە کاروکردەوەکانی بەسەر کەسانی موسڵمان و ناموسڵمان جێ بەجێکردووە، هەر لە ڕێگەی کردەوەکانی و قسەکانی سیستەمێکی حوکمرانی دامەزراندووە لەسەر بنەمای دادووەریکردن لەنێوان خەڵکدا.(صبحي صالح، ١٤١٧: ٢٥٠) بەشێوەیەکی گشتی پێویستە دەسەلاتدار لە هەموو بە شەکانی میرایەتی و سیستەمی گارگێڕی دەوڵەتدا فەرمانبەری هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی، هەر لە سەرباز و پۆلیس و نوسەر وتەواوی کایەکانی تر، دەبێت هەڵبژاردنی ئەو فەرمانبەرانە لەسەر بنەمای شارەزایی و لێهاتووی کەسەکە بێت نەوەک دڵسۆزی نزیکی لە فەرمانڕەوا، لە پێناو ڕایەڵی کردنی کارەکان بەشێوەیەکی ڕێک و پێک.(ابن خلدون، ١٩٨١، ٤٨١/١) گومانی تێدا نیە ئەم شێوازە لەسردەمەکانی ڕاشدین و عەبباسیەکانیش جێ بەجێکراوە و لەسەر ئەم شێوازە، کاروبارە کارگێڕییەکانی دەوڵەت بەڕێوەبردراون. کورد هاوشێوەی نەتەوەکانی تری بغداد بەشداری ڕۆڵێکی کارایان هەبووە لە بەڕێوەبردنی پێگە کارگێڕییەکانی خەلافەتی عەبباسی، بە تایبەت لە ناوەندی بڕیار و دەسەڵاتی خەلافەت، بۆیە لە بەرزترین پۆستی کارگێڕی تا نزمترینیان بەشداری دیار و بەرچاویان هەبووە، هەڵبژاردنی کوردەکان لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویان بووە نەوەک نزیکی و پەیوەندی تایبەت لەگەڵ دەسەلاتداران، شارەزاییان وایکردووە لە پایە گرنگەکانی کارگێڕی خەلافەتدا پۆست و پلەیان پێ بدرێت لە گرینگترین ئەو پۆستانەش ئەمانەی خوارەوەن:

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٢.٢دیوان

سەرچاوە ڕەسەنەکان لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەی دیوان دەگەڕێننەوە بۆ زمانی فارسی یاخود لە فارسیەوە ئەم وشەیە وەرگیراوە، بەمانای شێت دێت یاخود بە زمانی فارسی ناوی شەیتانەکانە، لە پاڵ ئەوەی شوێنێکی دانیشتنیش هەبووە بە هەمان ناونراوە.(الماوردي، د.ت: ٢٩٧؛ قلقشندي، ١٩٨٧، ١٢٤/١) هەرچی سەبارەت بە وشەی دیوانە لە زمانی کوریدا ئەم وشەیە بوونی هەیە و هەر بوە شێوەیەی کە لە سەرچاوە ڕەسەنەکان ئاماژەی پێکراوە بە مانای شوێنی دانیشتن دێت بۆیە دەکرێت بڵێین لە زمانی کوردییەوە وەرگیراوە. بە گشتی دیوان شوێنێکە بۆ پاراستنی مافەکانی دەوڵەت لە ڕووی پارەو پول و سامانی دەوڵەت لە کەسانی باڵادەست و سوپا.(الماوردي، د.ت: ٢٩٧؛ ابن الفراء، ٢٠٠٠: ٢٣٦)

دیوان پۆستێکی گرنگ بووە و لە کارە پێویستەکانی دەوڵەت و سیستەمی فەرمانڕەوایی بوو، هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (د.خ) هاتۆتە ناو کاروباری کارگێڕی دەوڵەت، ئەو نامانەی کە دەنێردران بۆ دەسەڵاتدارانی ناوچەکانی دەوروبەر بۆ ئەوەی بێنە سەر ئاینی ئیسلام، پەیوەندیدار بوونە بە (دیوان الإنشاء)، بەڵام لەسەردەمی خەلیفە (عمر بن الخطاب)(١٣-٢٣ک/٦٣٤-٦٤٤ز)دووەمین خەلیفەی ڕاشدین بەشێوەیەکی گشتی دیوان لەناو سیستەمی گارگێڕی ئیسلامی کاری پێکراوە، بەشێک لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو یەکەمین خەلیفە بووە دیوانی هێناوەتە ناو سیستەمی کارگێڕی لە دەوڵەتی ئیسلامی، بە تایبەت دوای ئەوەی ژمارەی سەربازانی زۆر بووە وە داهاتی دەوڵەت زیادی کردووە، لەو کاتەوە گرنگی ئەم پۆستە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی دەرکەوتووە، (دیوانی سەربازی) بووە ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆکردنەوە باج و پاراستنی مافەکانی دەوڵەت بووە لە داهات و خەرجییەکان و سەرژمێریکردنی سەربازەکان و تۆمارکردنی ناوەکانیان و دیاریکردنی موچەکانیان و و خەرجکردنی بەخشینەکان لە کاتی خۆیدا، بە گەڕانەوە بۆ ئەو یاسایانەی کە بەرپرسانی دیوانەکان و دەوڵەت دایاندەنێن هەموو ئەمانە ئەم زانیاریانە تۆمارکراون لە کتێبێکدا کە وەردەکاری داهات و خەرجییەکان و سەرژمێری تێدایە کە تەنها کەسانی شارەزا لەم بوارانەدا دەتوانن ئەنجامی بدەن، ئەم نوسراوانە بە دیوان ناو دەبرێن.(ابن جماعة، ١٩٨٨: ١٣٨؛ ابن خلدون، ١٩٨١، ٣٠٢/١-٣٠٣؛ القلشندي، ١٩٨٧، ١٢٥/١)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەماوەی فەرمانڕەوایی خەلافەتی عەباسی، کوردەکان بەرپرسیارەتی چەندین دیوانیان وەرگرتووە، جا هەر دیوانێک بوو بێت بە پێی گرنگی و پێگەی کەساتیە کوردەکان بونەتە بەرپرس لە دیوانەکان لە گرنگترینیان:

### ٣.٢دیوانی(الحسبە)

ئەو دیوانە بە یەکێک لە دیوان هەرە لەپێشینەکانی شارستانی ئیسلامی هەژماردەکرێت، ئەم دیوانە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەبووە، چاودێری نرخ و بازارەکان دەکات ، بۆیە چاکردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک پێویستی بە بڕیاری خێرا هەبوو ، ئەو کەسەی ئەم پۆستەی بەڕێوە دەبرد خۆی ڕۆژانە لە ناوخەڵکدا بوو، ئەو کەسەی  پێویست بوو کەسێکی ئازاد و دادپەروەر بێت، لە زانستی ئیجتهاد کردن و ئەحکامە شەرعیەکان شارەزا بێت.(الماوردي، د.ت: ٣٥٠-٣٥١؛ حسن ابراهيم، علي ابراهيم، د.ت: ٢٩٧)

لەناو کوردیش کەسانێک هەبوون  بەرپرسی ئەم دیوانە لە سەردەمی عەباسییەکان بەتایبەت لە بەغدادی پایتەخت  لە گرینگترینیان:

(أحمد بن عبد الله بن أحمد ابن عبد الله بن أحمد بن عسكر البندنيجي (٥٥٤-٦١٥ک/١١٤٦-١٢١٨ز) یەکێکی بووە لەو کەسانەی لە بەڕێوەبردنی دیوانەکان ڕۆڵی هەبووە، بەتایبەت لە ساڵی (٥٦٦ک/١١٧١ز)، بووە بە سەرپەرشتی دیوانی(الحسبە) لە ڕۆژئاوای بەغداد، ناوبراو کەسێکی بە تواناو لێهاتوو بوو و بە پاکی و ڕاستگۆی و دینداری ناسرا بوو، دادوەر(الحسن) لەساڵی(٥٧٣ک/١١٧٨ز) کۆچی دوایی کردووە لە بەغداد نێژراوە.(القرشي، ١٩٩٣، ١/١٨٠)

یەکێکی تر لەو کوردانەی ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەم دیوانەی پێ سپێردراوە(يحيى بن علي، أبو سعد الحلواني)الفقيه الشافعي بووە، لە ساڵی (٤٥٠ک/١٠٥٨ز) لە دایک بووە، لە پێشەوایانی فقیەی شافعی بوو، پۆستی دیوانی(الحسبە)لە بەغداد وەرگرتووە، لە هەمان کاتدا لە قوتابخانەی(النظامية)[1] وانەبێژ بووە، دیارە وانە گووتنەوە لەم قووتابخانەیە تەنها بە زانایان و مامۆستا بەناوبانگەکان بەخشراوە ، ئەمەش نیشانەی پایە بەرزی ئەم زانا کوردە نیشاندەدا کە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم ماوەیە دەرکەوتووە و کراوە بە بەرپرسی دیوانی حسبە ، ناوبراو لە ساڵی(٥٢٠ک/١١٢٦ز) کۆچی دوایی کردووە.(سبط ابن الجوزي،٢٠١٣، ٢٠٣/٢٠؛ السبكي، ١٣١٤هـ ،٣٣٣/٧)

## ٤.٢دیوانی: (الإنشاء)

یەکێک لە دیوانە گرنگەکانی دەوڵەت بوو لە سەردەمی عەبباسیەکان ئەم دیوانە لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ)،وەک ناوەڕۆک کاری پێکراوە، بەڵام وەک لایەنی فەرمی لەسەردەمی ئومەویەوە دەرکەوت زەتایبەتی لەیەردەمی خەلیفە عبدالملک بن مروان(٦٥-٨٦ک/٦٨٤-٧٠٥ز).(جهشياري، ١٩٨٨: ٢٨)ئەم دیوانە بەرپرسیار بوو لە نووسین و ئامادەکردنی نامەکان و پەیوەندیەکانی دەوڵەت و کاروباری خەلافەت و ناردنی نووسراوەکان بۆ ویلایەتەکان لێرەوە دەستی پێدەکردو لێرەش کۆتایی پێدەهات.(القلقشندي، ١٩٨٧، ١٢٤/١) ؛ حسين فلاح، ١٩٨٦: ١٥٥)سەبارەت بە بەشداری کورد لەم دیوانە ئەوا کەسایەتی کوردمان هەن بەرپرس بوون لەم دیوانە لەوانە (بهاء الدين أبو الحسن علي بن عيسى بن أبي الفتح الأربلي) لە ساڵی (٦٢٠ک/١٢٢٣ز) لە هەولێر لە دایک بووە ، شاعیرو فەرمووەدەناس بوو، لە بنەماڵەیەکی دیندار و ناسراوی هەولێر لەدایک بووە، هەروەها باوکی لەسەردەمی عەباسی دەسەڵاتدار و والی هەولێر بووە، ناوبراو پەروەردەیەکی ئایینی و زانستی وەرگرتووە، دواتر خۆشی دەبێتە زاناو پیاوێکی دیار و چەندین بەرهەمی زانستی نووسیووە لەوانە، (المقامات الأربع) و(رسالة الطيف) لە ساڵی(٦٩٢ک/١٢٩٣ز) کۆچی دوایی کردووە.(الصفدي، ٢٠٠٠، ٢٥١/٢١) جگە لەوەی چەندین بەرهەمی لەبارەی ژیاننامەی پێغەمبەر و یاوەرانی نووسیووە لە گرنگترینیان (كشف الغمة في معرفة الائمة)( نزهة الاخيار في ابتداء الدنيا وقدر القوي الجبار)، ( خلوة العشاق وخلوة المشتاق).(عمر رضا كحالة، د.ت،١٦٣/٧) ناوبراو کۆچیکردووە بۆ شاری بەغداد ولەسەردەمی(علاء الدين كيقباد السلجوقي)(٦١٧-٦٣٤ک/١٢٢١-١٢٣٧ز)دەبێتە بەڕێوەبەری دیوانی(الإنشاء) دوای ئەوەی هۆلاکۆ لەساڵی(٦٥٦ک/١٢٥٦ز) دوای جەنگێکی بەهێز دەست بەسەر بەغداد دادەگرێت، ناو براو بەهۆی خراپی بارودۆخی بەغدا، دەگەڕێتەوە هەولێر لەساڵی (٦٩٣ک/١٢٩٤ز) کۆچی دوایی دەکات. (الصفدي، ٢٠٠٠، ٢٥١/٢١)

**٥٠٢-دیوانی(الطراز)**

دیوانێكی تایبەت بە نەخشاندنی جل تایبەت بە دەسەڵاتدار و كاربەدەستە گرنگەكانی دەوڵەت و سەركردە سەربازییەكان بوو، كە مەبەست لێی نەخشاندنی نوسین بووە لەسەر جل و بەرگ ئەم دیوانە بۆ یەكەمجار لەسەردەمی خیلافەتی ئومەوی هێنرایە نێو سیستمی (النظم الاسلامیة) بەتایبەتی سەردەمی خەلیفە (عبدالملك بن مروان) بێگومان ئەمیش لاسایی كردنەوەی ڕۆمی بێزەنتە بوو ، هاوكات پێویست بوو ، بە دیاریكردنی نەخشی سەر جلەكان بە پێی پلەی كارگێڕی و ئەو شوێنە و ئەو دیوانەی كاری تیادا دەكرد دەنەخشێنرا، ە پێی نەخشی سەر جلەكانی كەسەكە پلەی كارگێڕی دەزانرا لەم سەردەمەدا.(جهشیاري، ١٩٨٨: ١٦٩؛ الجوهري، ١٩٨٧، ٨٨٣/٣ ؛ ابن المنظور، ١٤١٤هـ، ٣٦٨/٥)

یەكێك لەو كوردانەی لەسەردەمانی زووەوە ڕۆڵی هەبووە لەم دیوانە لە بەغدادی پایتەخت (عیسا كوڕی یەزدان ڕۆژ)بووە لە چەندین پلەی جیاواز كاریكردووە یەكێك لەو پۆستە كارگێڕیانە بەرپرسی دیوانی(الطراز)بووە ، لە هەمان كاتدا ماوەیەك نوسەری وەزیر (الفضل بن الربیع)[2] بووە وە یەكەمین كەس بووە كە (الشاشیة)[3] لەسەركردووە.(جهشیاري، ١٩٨٨: ١٦٩) وە هەروەها كوڕەكەشی (موسا) لەسەردەمی خەلیفە (المعتصدبالله)(٢٧٩-٢٨٩ك/٨٩٢-٩٠٢ز)هاوشێوەی باوكی نوسەری(الفضل)، لەپاڵ وەرگێڕێكی لێهاتووی زمانی فارسی بووە و كتێبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.( جهشیاري، ١٩٨٨: ١٨٧؛ ابن الندیم، ٢٠١٤، ١/ ٣٩٦؛ زرار صدیق،٢٠٢٠: ١١٨)

**٦٠٢دیوانی(خواجكیە)**

ئەم پۆستە پۆستێكی نوێ بوو لە كۆتاییەكانی دەسەڵاتی عەبباسی دامەزرا، دەسەڵاتی بەرپرسی ئەم پۆستە وەك دەسەڵاتی وەزیر وابوو، چونكە ئەم كەسە لەبارەی كاروبار و بارودۆخی خەلافەت لەگەڵ وەزیر كۆدەبووەو ئاڕاستەی دەكردن و هەڵدەستا بە ئەنجامدان و ڕاپەڕاندنی سەرجەمی كاروبارەكان لەبری خەلیفە.(ابن الفوطي، ١٤١٦، ١١٤/٤) جا یەكێك لەم كوردانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرپرسیاری ئەم پۆستەی پێدراوە (كمال الدين أبو العباس أحمد بن محمد بن الأعز البكري السهروردي)بووە ، ئەو کەسایەتیە کوردە لێهاتووە بووە کە بووەتە بەرپرسی ئەم دیوانە ، ناوبراو لە بنەماڵەیەکی زانستخواز و دیندار لەدایک بووە، لە سەرەتادا سۆفی بووە و شێخی ڕیباتی(سعادة) بووە ، ئەم ناوچەیە زێدی کۆنی ئەم بنەماڵەیە بوو بۆیە هەر ئەم نازناوەیان هەڵگرتووە، ئەم زانایە لە پاڵ ئەوەی کە کەسایەتیەک و مامۆستایەکی لێهاتووی بواری زانستە ئاینیەکان بووە، لە هەمانکاتدا پۆستی بەڕێوەبردنی دیوانیشی خواجکیە وەرگرتووە. (ابن الفوطي، ١٤١٦، ١١٤/٤) ئەوەی جێی باسە زانیاریەکی ئەوتۆمان لەبارەی دیوانەکە لەبەردەست دانیە جگە لەم زانیارەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، بە پێی زانیاریەکانی ئێمە جگە لە (ابن الفوطي) هیچ کەسێکی تر ئاماژەی بەم دیوانە نەکردووە، وە لە هیچ سەرچاوەیەکی ڕەسەن یاخود ژێدەرێکی تر ئاماژەی پێ نەدراوە، بۆ یەکەمین جارە توێژینەوەی لەبارە دەکرێت.

### ١.٣- ڕۆڵی کورد لە بەڕێوەبردنی سیستەمی دادوەری

دادوەری لە سیستمی ئیسلام بە یەکێک لە بناغە و کۆڵەکەکانی حوکمڕانی دادەنرێت ، بۆیە ئاینی ئیسلام لە چەندین ئایەت ئایەتی قورئانی وفەرموودەی پێغەمبەر د.خ جەخت لە جێگیر کردنی دادوەری دەکات لە ناو کۆمەڵگا ، وەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە خوای گەورە دەفەرموێت﴿وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ﴾ (النساء: ٥٨) ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ﴾ (النحل: ٩٠) ئەم ئایەتانە و زۆر ئایەتی تر هەن لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەم لایەنە دەکەن، گومانی تێدا نیە پێغەمبەر(د.خ) مرجعی سەرەکی جێ بەجێکردنی سیستەمی دادوەری بووە، بەڵام یەکەمین کەس کاری دادوەری کردبێت لە سەردەمی ئیسلامیدا( علي بن ابي طالب) بووە بەبێ ئەوەی بەبی ئەوەی تایبەتمەند بوبێت بۆ ئەم پۆستە، پێغەمبەر(د.خ) ناردوویەتی بۆ یەمەن.(ابن القاص، ١٩٨٩، ٧٩/١؛ ابن الفراء، ٢٠٠٠: ٦٢) لە دوایی سەردەمی پێغەمبەر(د.خ خەلیفەکانی ڕاشدین بە هەمان شێوە بایەخیان بە دادوەری داوە هەرچی سەبارەت بە سەردەمی عەباسیەکانە دادوەری بووەتە سیستەمێکی فراوان و چەندین لایەنی گرنگ لە خۆگرتووە، کوردەکانیش وەک نەتەوەیەکی موسڵمان و بە توانا لەبواری شەریعەت و فقهی ئیسلامیدا،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توانیان جێگای خۆیان بکەنەوە لە دام و دەزگا دادوەریەکان، زۆربەی ئەو کوردانەی کە دەبوونە دادوەر پێشتر خوێندنی ئاینی و فقەیان لە ناوچەکانی کوردستان تەواوکرد بوو و دواتر درێژەیان بەخوێندنەکەیان دەداو بەشێکیان رووپانله بەغداد دەکرد. ئەو پۆستە دادوەریانەی کورد تێیدا رۆڵی بینیوە ئەمانە بوون.

### ٢.٣: دادوەری دادوەران (قاضي القضاة )

هەروەها پۆستی دادوەری دادوەران بەشێکی تری گرنگە لە سیستەمی دادوەریدا، بە مەزنترین پایەو دەسەڵاتی دادوەری دادەنرێت، دەتوانین بۆ ئەمڕۆ بە سەرۆکی دادگای تەمیز بەروردی بکەین، کە بەرزترین دەسەڵاتی دادوەریە لە سیستەمەکە.

پۆستی دادوەری دادوەران لەلایەک چاودێرە بوو بەسەر بڕیاری دادگاکان و هەروەها بەهۆی زۆری ئاوەدانی وگەورەیی شارەکان بەتایبەت پایتەختی خیلافەت و هاوکات جیاوازی فیقهی ومەزهەبی زۆرێک لەبڕیارەکان پێویسیان بەشەرعزانی گەورەولێهاتووبوو بەتایبەتی لەهەرێمەکاندا بۆیە خیلافەت بۆدادپەروەری وحوکمی شەرعی و کەمکردنەوەی ناڕەزایی ئەم پۆستەی داهێنا، لەلایەکی تر دەبووە پارێزەری جێبەجێکردنی بابەتە شەرعیەکان و بنەماکانی شەرع و جێ بەجێکردنی بڕیارە دادوەریەکان، بۆ ئەوەی دادپەروەری بەرقەرار بێت و ستەم نەمێنێت (القلقشندي، ١٩٨٦، ٣٥/٤) بۆیە دادگەری لە ناو یاسا و رێسای ئیسلامی شوێنێکی باڵای هەبووە ئەو کەسانەی کە ئەم پۆستەیان پێسپێردراوە خاوەن تایبەتمەندی و کەسایەتی بەهێز و جیاواز بوونە.(هەمزە کاکە، ٢٠١٤، ٢١٦-٢١٧)

یەکێک لە کەسە دیارەکانی کورد کە ئەم پۆستە بەرزەی وەرگرتووە (يحيى بن عبدالله بن القاسم الشهرزوري٥٣٤ک/١١٤٠ز)لە دایک بووە، بەهۆی لێهاتووی و شارەزایی لە بواری دادوەری لە ساڵی(٥٩٥ک/١١٩٩ز) کراوەتە (دادوەری دادوەران) لە بەغداد.(ابن المستوفى، ١٩٨٠، ٢/ ٢٠٤) نەک تەنها لە ناوچەیەک بەڵکوو لە هەردوو بەرەی رۆژهەڵات و رۆژئاوای شارەکە دادوەری دادوەران بووە ، بەهۆی فراوانی و گەورەی شاری بەغداد هەمیشە دوو دادوەر زیاتری هەبووە ، بەڵام بەهۆی زیرەکی و لێهاتووی و دادپەروەریەکەی ناوبراو بەرپرسی هەردوو لای بەغداد بووە،

هەروەها ئەرکی سەرپەرشتی کردنی هەردوو مەزهەبی شافعی و حەنەفی پێ سپێردراوە، چووەتە دیمەشق و پەیوەندی بە سەلاحەدینی ئەیوبی کردووەو چەند جارێک وەک نێردراو نێردراوە بۆ(دار الخلافة)، دواتر پێگەی بەرز بووەتەوە بووە بە (قاضی شام) جگە لەوەی دادوەری موسڵ بووە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ شاری حەما و فەرمانڕەواکەی شارەکە ناچاری کردووە لەوێ بمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی لە ساڵی (٥٩٩ک/١٢٠٣ز) کۆچی دوایی کردووە دادوەری شارەکە بووە.(ابن تغري بردي، د.ت، ١٨٤/٦)؛ ابن الملقن، ١٩٩٧: ٥٠٥)

### ٣.٣- دادوەری(القضاء )

بە یەکێک لە دەسەڵاتە ئاینی و کارگێڕییە بەرزەکان دادەنرێت.(بەهار عباس، ٢٠١٠: ٨٦)کارەکەی بریتیە لە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی خەڵک و گێڕانەوەی ماف و نەهێشتنی ستەم و زۆرداری و بۆ بە دیهێنانی دادپەروەری لە ناو خەڵکدا.(ابن حجر الهيتمي، د.ت، ٢٩٧/٤)لە قورئانی پیرۆز و تەنانەت فەرموودەکانی پێغەمبەریش(د.خ) زۆر پێداگری کراوە لەسەر جێبەجێکردنی دادوەری لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەروەک خودای گەورە بە پێغەمبەری(د.خ) فەمووە﴿وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ﴾ (سورة المائدة: ٤٩) بەو بەرنامەیەی کە خودا ناردوویەتی دادوەری بکە لە نێوانیاندا.(محمدامین، د.ت: ١١٦)

ئەوەی تایبەتە بە ڕۆڵی کورد لە بەڕێوەبردنی ئەم پۆستە لە بەغداد ، دەبینین کەوا کوردەکان چەندین کەسایەتیان تیا هەڵکەوتووە لە بواری دادوەری و ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لەم بوارەدا. بە تایبەت کوردە شارەزووریەکان لە هەموو بنەماڵەکانی تر زیاتر پۆستی دادوەریان وەرگرتووە لەو کارەدا دەستێکی باڵایان هەبووە.(فائدة علي، ٢٠٢٢: ٧٢) ئەوەی گرنگە باسیبکەین ئەوەیە ئەم پۆستە تەنها ئەو کەسانە بەڕێوەیاندەبرد کە زانای ئاینی دیار بوون لە نێویشیاندا زۆرترین ئەوکەسانە دەبوون بەدادوەر کە فقیە بوون ، لەو سەردەمە ئێمەی کورد فقیهمان زۆربوون کە ئەم پۆستەیان وەرگرتووە لەوانە (الحسين بن علي بن القاسم بن المظفر بن علي ابن الشهرزوري أبو عبدالله بن أبي الحسن بن أبي أحمد)لە بنەماڵەیەکی ناودار بووە ، زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەکەی لە پۆستی دادوەری کاریان کردووە، هەر لە زووەوە چونەتە بەغداد ولەوێدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نیشتەجێ بوونە، خۆی لەساڵی (٥٥٦ک/١١٦٠ز) لە سەردەمی خەلیفە(المستنجد بالله) (٥٥٥-٥٦٦ك/١١٦٠-١١٦١) پۆستی دادوەری بەغدادی وەرگرتووە، بە درێژایی ژیانی لەم پۆستەدا ماوەتەوە، لە(باب العامة)[4] نیشتەجێ بووە لە کۆشکی خیلافەت لە (باب النوبي)[5] کارەکانی بەڕێوە بردووە، لە ساڵی(٥٥٧ک/١١٦١ز) لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە.(ابن الدبيثي، ٢٠٠٦، ١٧٢/٣-١٧٤؛ السبكي، ١٤١٣ك، ٧٥/٧)

هەروەها (عبد الحميد بن عبدالرشيد بن علي بن بنيمان أبوبكر)( ٦٣٧ک/١٢٤٠ز) خەڵکی هەمەدان بووە بە مەبەستی خوێندن گەشتی بۆ بەغداد کردووە، هەر لەوێدا لە قوتابخانەی(النظامية) زانستی فقهی لەسەر مەزهەبی شافعی خوێندووە.(ابن الدبيثي، ٢٠٠٦، ٢١٨/٤) لەبەشی خۆرهەڵاتی بەغداد پۆستی دادوەری وەرگرتووە و لە بەشی خۆرئاواش جێگری دادوەر بووە.(ابن الرجب، ٢٠٠٥، ٢٧١/٢)

یەکێکی تر لەوانەی ئەم پۆستەیان وەرگرتووە (أحمد بن عبد الله بن أحمد بن عبد الله بن أحمد ابن عسكر، البندنيجی الأصل)یە کە مێژوو نووسان لە بارەیانەوە وتوویانە، ئەم زانایە بە ڕەچەڵەک خەڵکی بندنجینە و لە بنەماڵیەکی پایە بڵند و شارەزاو و لێهاتوو لە بواری دادوەری پێگەیشتووە ، تەنانەت باس لەوە دەکەن کە باوک و باپیری و تەنانەت براکەشیان بەناوی (أبو الحسن عبدالله) پۆستی دادوەریان وەرگرتووە.(ابن الدبيثي، ٢٠٠٦، ٨١/٣-٨٢؛ القرشي، ١٩٩٣، ١٧٩/١) هەر لە بەشی ڕۆژئاوای بەغداد دادوەری کردووە.(التميمي، ١٩٨٣، ٣٦٤/١) ناوبراو لە ساڵی(٥٧٣ک/١١٧٨ز) کۆچی دوایی کردووە.(التميمي، ١٩٨٣، ٣٦٤/١)

### ٤.٣-جێگری دادوەر

جێگری دادوەر تەواوکەری پۆستی دادوەرییە، لە کاتی ئامادەنەبونی دادوەری سەرەکی ئەو کاری دادوەری بەڕێوە دەبرد یان لە کاتی پێویست لە کاروبارەکانی دادگا پرسی پێکراوە بووە و بۆچونی وەرگیراوە، لە هەمانکاتدا لە بڕیارە یەکلاکەرەوەکاندا لەگەڵ دادوەرری سەرەکیدا بۆچوونی دەربڕیووە ، لەو سەردەمە هەر دادوەرێک بۆی هەبوو نوێنەرێک بۆ خۆی دابنێت و لەلای کاربکات بۆ ئەوەی ڕایبهێنێت و لە داهاتوودا ببێت بە دادوەرێکی سەرکەوتوو، بەڵام بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵبژاردنی ئەو کەسە چەندین مەرج هەبوو کە دەبوایە کەسەکە ئەو مەرجانەی تێدا تا ببێت بە جێگری دادوەر ، هەروەها کەسێک کە دەکرایە جێگری دادوەر چەند دەسەڵاتێکی دیاری کراوی هەبووە لەکاتی نەبوونی دادوەر ئەو دادگای بەڕێوە دەبرد، هەروەها لە پرسە هەستیارەکان بۆچوونی وەرگیراوە.(سلام النقشبندي، ٢٠٠٦: ١٣٥)

کوردە هەولێرییەکان ڕۆڵ و پێگەی گرنگیان هەبووە لە پۆستی جێگری دادوەر و چەندین کەسایەتی کە خەڵکی ئەم شارە بوون لەم پۆستەدا کاریان کردووە. لەوانە (الحسن بن محمد بن خل، أبو علي الكردي الفقية الشافعي) بە مەبەستی خوێندن ڕووی لە بەغداد کردووە یەکێک بووە لە شەرعزانەکانی مەزهەبی شافعی لە قوتابخانەی(النظامية) وانەی گوتۆتەوە, کاتێک دادوەر(أبو عبدالله الحسين بن علي ابن الشهرزوري الموصلي) پۆستی دادوەری لە بەغداد وەردەگرێت، ناوبراو دەکات بە جێگری خۆی.(الدبيثي، ٢٠٠٦، ١٢٣/٣) تا مردنی لەساڵی(٥٥٨ک/١١٦٢ز) لە بەغداد ماوەتەوە.(ابن المستوفي،١٩٨٠، ٥٥٢/١)

(أحمد بن نصر بن الحسين أبو العباس) یەکێکی تر بووە لە کەساتیە کوردەکان، ناسراو بوو بە(الشمس الدنبلي) لە شاری موسڵ گەورە بووە وخوێندوویەتی پاشان بۆ فێربونی زیاتر ڕوو لە بەغداد دەکات تا تەواو فێردەبێت، پاشان لە قوتابخانەی (نظاميه) دەبێتەوە مامۆستا و شارەزایی فقهو مەزهەبەکان بووە دواتر پۆستی جێگری دادوەری وەرگرتووە لەسەردەمی دادوەر(كمال الدين الشهرزوري)(٥٧٢ک/١١٧٦ز) دواجار دەگەرێتەوە موسڵ و لەوێ دەبێتەوە مامۆستا و بەم شێوەیە مایەوە تا لە ساڵی(٥٩٨ک/١٢٠٢ز) کۆچی دوایی کردووە .(السبكي، ١٤١٣، ٦٧/٦؛ ابن العجمي، ٢٠١١: ١٣٠)

زانایەکی تری هەولێر (أبو البركات داود بن أحمد بن ملاعب بن علوي الأربلي)بوو ،لە ساڵی(٥٤٢ک/١١٤٨ز) لە دایک بووە، (أبي الكرم الشهرزوري) کە زانایەکی لێهاتوو بووە بە تایبەت لە زانستی فەرموودەناسی لای ئەو خوێندوویەتی، دواتر لای زۆر مامۆستای تر دەرسی خوێندووە تا بەتەواوی شارەزایی پەیدا کردووە ، پاشان خۆی بووە بە مامۆستا و زانای دیاری فقە ، بەهۆی زیرەکی و ناوبانگی باشی وەک جێگری دادوەری بەغداد دیاری کراوە، ناوبراو لە ساڵی(٦١٦ک/١٢٢٠ز) کۆچی دوایی کردووە. (ابن المستوفی، ١٩٨٠، ٢٥٤/٢؛ الذهبي، ٢٠٠٦، ١٠٦/١٦)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٥٠٣-پەردەداری دادوەر**

گرنگی ڕۆلی پەردەدار(حاجب) لە پاراستنی هێمنی لە دانیشتنی دادگاکان و جێ بەجێکردنی حوکمەکاندا بە دیار دەکەویت، ئەو بەرپرس بووو لە دورخستنەوەی هەر کەسێک کە پەیوەندی بە داواکاریەکەوە نییە، چونکە تەنها ڕێگە بە داواکار و بەرگریکارەکان دەدرا بچنە لای دادوەر.(ابن السمناني، ١٩٨٤، ١٢٠/١؛ الأنباري، ١٩٧٧: ٣٠٥) پێویست بوو لەسەر دادوەر پەردەدارێک هەڵبژێرێت لایەنگرانی هیچ کامێک لە لایەنە ناکۆکەکان نەکات، وە لەسەر پەردەدار پێویست بوو بزانێت کە کێ هاتووە بۆ داداکاری، یان سەردان، یان پرسیار، یا ڕینمایی وەرگرتن.(ابن السمناني،١٢٠/١٩٨٤،١)کوردەکان لە بەغداد هەرچەندە ڕۆڵێکی بەرچاویان نەبووە لەم پۆستەدا، بەڵام کەسایەتی کوردمان هەبووە کە ئەم پۆستەی وەرگرتووە لە شارەکەدا لەونە:

(محيي الدين أبو منصور عبد الكريم بن محمود بن المحلي الاربلي)پەردەداری دادوەری دادوەران بووە لە بەغداد، کەسێکی شارەزا بووە لە بارودۆخی خەڵک خاوەن ڕێزێکی زۆر بووە بە تایبەت لای دادوەر(عز الدين أبي العباس أحمد بن محمود الزنجاني) ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی پەیوەندیەکی دۆستانەی پتەو لە نێوانیاندا، ناوبراو لە ساڵی(٦٣٣ک/١٢٣٦ز) کۆچی دوایی کردووە.(ابن الفوطي، ١٤١٦، ٧٤/٥) مێژوونوسان لە بارەی ئەم کەساتیە زانیاریەکی ئەوتۆیان نەداوە بە کورتی ئاماژەیان بە ژیانی کردووە هاوشێوەی هەر یەکێک لە زاناکانی تر.

**٣.٦-شاهێدە کوردەکان لە دادگاکانی بغداد**

شاهێدیدان لە گرنگترین بنەماکانی دادوەریە، لە ناکۆکی و حوکمدان لە سیستەمی دادوەری ئیسلامیدا، حوکمدانە بە پێی بەڵگەی پێشکەشکراو دەبێت، هەروەک پێغەمبەر(د.خ) دەفەرمویت (البينة على من ادعى واليمين على من أنكر).(السرخسي، د.ت، ٣١/١٣)شایەتەکان بنچینەی حوکمەکان بوون بە هۆی شایەتی ئەوانەوە سزاکان جێ بە جێ دەکران، هەر بە شایەتی ئەوان مافەکانیان دەچەسپاند و وەردەگیران، وتەکانیان سەرچاوەی حوکمدان و بڕیاری دادوەرەکان بوو هەروەها نووسەر زمانی دادوەر بوو، پێویست بوو هەردووکیان ڕاستگۆ بن.(الأصبهاني، د.ت، ٦١٤/٢)وە بە چەند شێوەیەک ناویان هاتووە وەک(الشهود المعدلين، العدول ، العدل،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

المعدل).(الأنباري، ١٩٧٧: ٤٠٦) کەسێک وەک شایەتحاڵ قبوڵ نەدەکرا تاوەکو چەند مەرجێکی تێدا نەبێت، وەک ئەوەی دەبێت کە کەسێکی پێگەیشتوو و عاقڵ و ئازاد، موسڵمان ، دادپەروەر، بێت و زانیاری هەبێت لەسەر ئەم مافانەی کە شایەتحاڵی لەسەر دەدات و زانا بێت لەبارەیان.(ابن السمناني، ١٩٨٤، ٢٠٠/١) پێویست بوو لەسەر شاهێدەکان کە دادپەروەرو ئەمانەتپارێز و ڕاستگۆ بن وە ئاگاداری حوکمە شەرعیەکان بن و شارەزا بن لە حوکمەکانی شەریعەت، شاهێدەکان یارمەتی دادوەرەکانیان دەدا لە کاتی بوونی کێشە و گرفتەکان وزانینی بارودۆخی خەڵک و هەڵس و کەوت و مافەکانیان، لە هەمان کاتدا لەسەر دادوەر پێویست بوو کە چاودێری هەڵس و کەوتی شاهێدەکان بکەن، بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی مەرجەکانی شاهێدی و بوونی دادوەری لە کارەکانیاندا.(عبد الرقيب يوسف، ٢٠٠١، ١٠١/٢)

ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی بەغداد بوونیان هەبووە، شاهێدیدانیان لە دادگاکان کردبووە پیشە لە گرینگترینیان:

(ابا الفرج محمد بن عبدالملك بن مسعود بن علي الدينوري أبوبكر بن أبي الفرج عبدالملك بن مسعود بن علي الدينوري)یەکێك بووە لە شاهێدە بەردەوامەکانی بەغداد، شاهێد بووە لەلای دادوەر(علي بن محمد الدامغاني)(م٥١٣ک/١١١٩ز) لە ساڵی(٤٩٥ك/١١٠٢ز) بەڵام ئاماژە بە مێژووی لە دایک بوونی نەدراوە.(ابن المستوفي، ١٩٨٠، ٣٥٦/٢) باوکیشی شاهێد بووە لای دادوەر (ابو القاسم الزينبي)(م٥٤٣ک/١١٤٩ز)، هەوڵی فێربوونی زانستی فەرموودەی داوە لەلای چەندین زانا، جگە لەوەی چەندان زانا لای ئەوخوێندویانە و پێگەیشتوون لەوانە(أبو سعد ابن السمعاني)(م٥٦٢ک/١١٦٦ز)، لەساڵی (٥٦٩ک/١١٧٤ز) کۆچی دوایی کردووە.(ابن الدبيثي، ٢٠٠٦، ٤١٥/١)

وە هەروەها(الحسن بن احمد بن عبدالله بن احمد بن عسكر البندنيجي البغدادي، ابو طاهر بن أبي عباس بن أبي محمد)(ابن الدبيثي) بە بنەماڵەیەکی پایە بڵند و شارەزاو و لێهاتوو لە بواری دادوەری ناویان دەبات باس لەوە دەکات کە خۆی و باوکی و باپیری و تەنانەت براکەشی(أبو الحسن عبدالله) پۆستی دادوەریان وەرگرتووە.(ابن الدبيثي، ٢٠٠٦، ٨١/٣) لە بەغداد نیشتەجی بوونە.( القرشي، ١٩٨٣، ٤١/٢) وەك شایەتحاڵ لە لای دادوەری دادوەران(أبی الحسن على بن أحمد

الدامغانی) کاریکردووە لە ماوەی دووەمی کارکردنی لە پۆستەکەی، لە ساڵی (٥٧٦ک/١١٨١ز) بووەتە شاهێد و دادوەری ناوبراو شاهێدی ئەوی قبوڵکردووە.(التميمي،١٩٨٣، ٤٣/٣) جگە لەوەی وەک شاهێد کاریکردووە هەروەها گرنگی بە خوێندن و فێربوونی فەرمووده و نوسینی شعر داوە لە ساڵی (٥٨٣ک/١١٨٨ز) کۆچی دوایی کردووە.(الصفدي، ٢٠٠٠، ٢٩٧/١١؛ الكملائي، ٢٠١٨، ٩٦/٦)

یەکێکی تر لە شاهێدە کوردەکان(عبد السلام بن محمد بن عبد الرحيم ابن الخطيب أبو شجاع القاضي)خەڵکی بندنجین بووە، چاوی بە (ابا النجيب السهروردي)(٥٦٣ک/١١٦٧ز) کەوتووەو زانستی فوقهی لەسەر مەزهەبی شافعی لای ئەو خوێندووە لە قوتابخانەی(النظامية).(السبکي، ١٤١٣ک، ١٦٩/٧) شاهێد بووە لای قازی (أبي حسن علي بن احمد ابن الدامغاني) لە ساڵی(٥٧١ک/١١٧٥ز)، دوای گەڕانەوەی بۆ بندنجین پۆستی دادوەری ناوچەکە وەردەگرێت بە درێژایی ژیانی لەم پۆستەدا دەمێنێتەوە،لەساڵی( ٥٧٨ک/١١٨٢ز)لە بندنجین کۆچی دوایی کردووە. (ابن الدبيثي، ٢٠٠٦، ١١٢/٤)

(أبو العباس أحمد بن أحمد بن كرم البندنيجي)یەکێکی تر بووە لە شاهێدەکان لە بەغداد لە ساڵی(٥٤١ک/١١٤٦ز) لە دایک بووە،لە زمانی عەرەبی شارەزا بووە و دەڵێن کە شایەتیەکی ناڕاستی داوە هەر بەو هۆیەوە سزا دراوە و خراوەتە زیندان لە ساڵی(٥٥٧ک/١١٩٢ز) بەڵام دوای ماوەیەک براکەی(تميم) قسەی لەگەڵ خەلیفە(فە(الناصر لدين الله)(٥٧٥-٦٢٢ک/١١٧٠-١١٨٠ز) کردووە پێی ڕاگەیاندووە کە براکەی شاهێدی بە درۆی نەداوە، بەڵکو پشتی بە قسەی قازی( محمد بن جعفر العباسي)(م٥٧٥ک/١١٨٠ز)بەستووە، دوای ئەوە خەلیفە(الناصر)دەیگەڕێنێتەوە بۆ پۆستەکەی، هەرچەندە مێژوونوسان بە کەسێکی کەمتەرخەم لە ئاین و ئەرکە ئاینیەکان باسیانکردووە، لە ساڵی(٦١٥ک/١٢١٨ز) کۆچی دوایی کردووە.(ابن الساعي، ٢٠٠٩: ٢١؛ الذهبي، ٢٠٠٦، ٩١/١٦)

### ١.٤باڵیۆز و نوێنەرانی کورد لە بەغداد

باڵیۆز یان سفیر لە مێژووی موسڵمانانـدا مێژوویەکی دێرینی هەیە، هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە(د.خ) نێردراو نێردراون بۆ وڵاتان بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی ئاینی پیرۆزی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئیسلام.(ابن الحجر، ١٣٩٠هــ ، ١٠٩/٦)دواتریش لەسەردەمی خەلیفەکانی عەبباسی کاری باڵیۆزی وەک پۆستێکی گرنگ سەیر کراوە، چەندین باڵیۆز لەگەڵ وڵاتان ئاڵوگۆڕ کراوە.(ابن الفراء، ١٩٧٢: ٧٥-٧٦)هەرچی سەبارەت بە مانا گشتیەکەیەتی کە ئەم وشەیە لە چییەوە هاتووە، دابەش دەبێت بۆ ماناکەی لەرووی زمانەوانی و زاراوەییەوە

لە ڕووی زمانەوانیەوە لە عەرەبیدا لە وشەی(سفر یسفر ویسفر سفرا وسفارة وسفارا) هاتووە کە بەمانای بەو کەسە دەگوترێت کە بۆ ئاشتەوایی لە نێوان خەڵکدا دەڕوات بۆ نێوانگیری دەکات.(ابن درید، ١٩٨٧، ٧١٧/٢) ئەم وشەیە بە عەرەبی بە مانای بە دیهێنانی ئاشتەوای دێت لە نێوان خەڵک کاتێک کە دەوترێت (سفرت بین القوم) بە واتای ئەوە دێت کە هەوڵم دا ئاشتەوایی لەنێوانیان بەرپا بکەم.(ابن المنظور، ١٤١٤، ٣٧٠/٤) هەرچی سەبارەت بە وشەی( الوفادة) لەڕووی زمانەوانیەوە لە وشەی(وفد الیە و علیە، یفد، وفدا، وفودا، وفادة، إفادة، اوفاد) وەرگیراوە، ئەو کەسەی بەم کارە هەڵدەستێت لەلایەن دەسەڵاتدارێکەوە دەنێردرێتە لای میرێک یاخود پاشایەک، بە مەبەستی ئەنجامدانی کاروباری پێویست.(الزبیدي، ٢٠٠١، ٣١٣/٩) لە پرۆسەی پەیوەندیە دەرەکیەکانە بە هەموو پلە و شێواز و جۆرەکانیەوە، کە لە ڕێگای باڵیۆز و نێردراوەکانەوە ئەنجام دەدرێن ئەو باڵیۆزانە دەبنە نوێنەری ئەو سوڵتان و دەسەڵاتدارانەی کە دەیانێرێت بۆ شوێنی مەبەست بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ و کاری ئاشتی و پەیمانامە دەربارەی بابەتە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان، بۆ ئەم کارەش پێویست بوو کەسێکی شیاو زانا دەستنیشان بکرێت، چونکە ئەو کەسە دەبووە جێگری ئەو دەسەڵاتدارو پاشایەی کە دەینارد لە حاڵەتی ئەنجامدانی هاوپەیمانی و ڕێکەوتن و ئاگربەست دوای ئەنجامدانی گفتوگۆ لەسەر بابەتی پێویست بۆ کۆتایی هاتنی جانگ و ناکۆکی نێوان هەردوولا.(الرازي، ١٤٢٠هـ، ٥٦/٣١؛ السامرائي، ١٩٧٦: ١١) کوردەکان ڕۆڵێکی گرنگ و فرە لایەنیان لە بەغدادی پایتەخت گێڕا، چەندین بنەماڵە و کەسایەتی کورد وەک باڵیۆز یاخود نوێنەر لە بەغداد پایتەخت نێردراون بۆ ناوچەکانی دەوروبەر یاخود بە پێچەوانەوە لە گرینگترینیان:

یەکێکی لە کەساتیە کوردەکان لە بنەماڵەی شەهرەزوریەکان وەک سەفیر کاریکردووە(شهاب الدین السهروردي) بوو، لە ساڵی(٦١٢ک/١٢١٦ز) خەلیفە(الناصر لدین الله)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەنوێنەریەتی خۆی ناردویەتی بۆ لای(الملك الأشرف)(٦٨٩-٦٩٣ک/١٢٩٠-١٢٩٤ز) لە ڕەقە کۆمەڵێک کەل و پەلی وای بە دیاری بردووە بۆی کە هاوشێوەیان کەم بووە و خەلیفەی عەباسی ڕێگەی نەداوە هیچ کەسێک لەم جۆرە شتانەی هەبێت ئەمە سەرەڕای قسە جوان و هەڵوێستە جوانەکانی(شهاب الدين) لە کاتی سەردانکردنی(الملك الأشرف).(ابن نظيف الحموي، د.ت: ١١٠)

(محي الدين محمد بن محمد بن عبدالله بن القاسم الشهرزوري) لەساڵی(٥١٠ک/١١١٧ز) لە موسڵ لە دایک بووە.(ابن المستوفي، ١٩٨٠، ١٩٢/٢) لە بەغداد زانستی فوقهی خوێندووە لە لایەن(أبي المنصور أبن الرزاز)(م٥٣٩ک/١١٤٤ز)، لە قوتابخانەی(کمال الدين شەهرەزوری)(م٥٧٢ک/١١٧٦ز) باوکی خوێندویەتی وەک نوێنەر نێردراوە بۆ چەندین ناوچەی دەوروبەری موسڵ لەلایەن(عزالدين المسعود)(٥٢١ک/٦١٩ز) یەکێک لەو شارانە بەغداد بووە، چەندین جار وەک نوێنەر ڕووی لەم شارە کردووە، دادوەر بووە لە چەند شارێک لەوانە موسڵ و دمشق و حەلەب، کەسێکی ڕەوشت بەرز و لێهاتوو بەخشندە بووە، ماوەیەک ڕووی لە شاری پێغەمبەر کردووە(د.خ) و ڕیباتێکی لەوێ بنیاتناوە، لە ساڵی(٥٨٦ک/١١٩٠ز) لە موسڵ کۆچی دوایی کردووە.(ابن المستوفي، ١٩٨٠، ١٩٢/٢) ؛ أبو شامة، ١٩٨٧، ٢٩٤/٤ ؛ السبكي، ١٤١٣، ١٨٥-١٨٦)

وە هەروەها (سليمان بن جبرائيل بن محمد بن منعة بن مالك بن محمد بن سعد بن سعيد بن عاصم بن عائذ بن كعب بن قيس، أبو حامد ابن أبي القاسم العقيلي الإربلي الفقيه الشافعي المدرس)لە بنەماڵە بەناوبانگ و ناسراوەکانی هەولێر بووە لە بواری فقیە و زانست، زۆر ناوچە گەڕاوە بە مەبەستی خوێندن و نوسین چۆتە هەر یەکێک لە ناوچەکانی بخارا و سەمەرقەند[6] ،دواتر گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر و بووە بە فقە لە قوتابخانەی شافعی، ڕۆڵی ئەو لە بەغداد زیاتر لە لایەنی کارگێڕی بە دیار دەکەوێت نەوەک وەک کەسایەتیەکی زانستی، چونکە چەندین جار لەلایەن(المظفر الدين كوكبوري) وەک نوێنەر نێردراوە بۆ بەغداد.(ابن الشعار، ٢٠٠٥، ٧٤/٢-٧٥)

( کمال الدين الشهرزوري) (أبو الفضل محمد بن أبي محمد عبد الله بن أبي أحمد القاسم الشهرزوري)ناسراو بە(کمال الدين) لە نوێنەرە دیارو لێهاتووەکانی کورد بووە فقەی شافعی، (کمال الدين) لە بەغداد فەقیهی خوێندووەو لە هەمان کاتدا زانستی فەرموودەناسیشی خوێندووە.(ابن خلكان، ١٩٧١، ٢٤١/٤) بەهۆی لێهاتوویی و شارەزایی پۆستی دادوەری وەرگرتووە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە حەلەب و موسڵ، بەردەوام بووە لە بەدەستهێنانی زانست و زانیاری و لە هەر یەکێک لە قوتابخانەکانی(النظامية) و قوتابخانەی باوکی خوێندوویەتی.(ابن كثير، ١٩٩٣: ٧٢٧) وەک پیشەکی هەمیشەیی بنەماڵەکەی ڕووی لە هەر شوێنێک کردبێت خزمەتێکی پێشکەشی ئەو شوێنە و خەڵکەکەی کردووە، لەوانە لە موسڵ قوتابخانەیەکی دروست کردووە، وە ڕیباتێکی لە شاری پێغەمبەر(د.خ) دروستکردووە، چەندین جار وەک نوێنەر نێردراوە بۆ شوێنی جیاجیا لە لایەن(عماد الدين زنكي الأتابك)(٥٢١-٦٣٠ک/١١٢٧-١٢٣٢ز)، یەکێک لەو شارانەش بەغداد بووە لە دیوانی(العزيز) پێشوازیەکی گەرمی لێکراوە.(ابن خلكان، ١٩٧١، ٢٤١/٤؛ البنداري، د.ت: ٢٧؛ نادية بنت عبد الصمد، ٢٠١٤:٧٤) لە ساڵی (٥٧٢ک/١١٧٧ز) کۆچی دوایی کردووە.(الصفدي، ٢٠٠٠، ٢٦٦/٣)

### ١.٥-هەندێک پۆستی تر

لەسەردەمی خەلافەتی عەباسی چەندین پۆست هەبوون لە بەغدادی پایتەخت بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش و ئارامی شارەکە، کوردەکانیش ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لەم پۆستانە و چەندین کەسایەتی کورد هەبوون پۆستە جیاوازەکانی پاراستنی شارەکەیان وەرگرتووە لە گرینگترینیان:

### ٥.٢-بەرپرسی شوڕتەی بەغداد

سەرەڕای ئەوە کوردەکان چەندین پۆستی کارگێڕی تریان وەرگرتووە لە بغداد، دوای ئەوەی(ابن رايق)(م٣٣٠ک/٩٤٢ز)(أمير الامراء)[7]بەرەو بەغداد دێت و بەهۆی یارمەتیە بەردەوامەکانی(ابن يزداد)کوردێکی شهرزور بوو، دەیکاتە بەرپرسی شوڕتەی بەغداد.(الصولي، ١٩٣٥: ١١٩)دوای کوژرانی(ابن رايق) لە ساڵی(٣٣٠ک/٩٤٢ز) (محمد بن طغج الإخشيد)(٣٢٣-٣٣٤ک/٩٣٥-٩٤٥ز) هێرش دەکاتە سەر دیمەشق(ابن يزداد) شارەکەی ڕادەست دەکات، ئەویش کە دیمەشق بەجێدەهێڵێت لە شوێنی خۆی دادیدەنێ لە شارەکە، دوای ماوەیەک بانگێشتت دەکات بۆ میسڕ و دەیکات بە بەرپرسی شوڕتەی شارەکە، (ابن يزداد) لە ساڵی(٣٣١ک/٩٤٣ز) کۆچی دوایی دەکات.(ابن عساكر، ١٩٩٥، ١٧/٥٣؛ ابن الاثير، ١٩٨٧، ١٧٧/٧)

**٣.٥-الشحنة**

ئەمەش یەکێک بوو لە پۆستەکان سەلجوقیەکان دایانمەزراند، کە هاوشێوەی پۆستی پارێزگار یان(متصرف) لە ئێستادا، بەرپرسیاری پاراستنی ئاسایشی شار بووە.(أحمد حلمي، ١٩٨٧: ٢١٣) هەرچەندە کوردەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە لەم پۆستەدا بەڵام بێ بەشیش نەبوونە لە وەرگرتنی ئەم پۆستە بەهۆی تێکچونی بارودۆخی بەغداد خەلیفە(المستنصر با لله) بڕیاری دامەزراندنی(قطب الدين أبو الحارث سنجر بن عبد الله) ناسراو بە(الخلاطي) داوە بە (شحنة ی بەغداد، بە هۆی لێهاتووی بەهێزی و چاونەترسیەوە، لە پۆستەکەیدا بەرپرسیاریەتی شحنەی هەردووە بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بەغداد پێ دەسپێرێت، خەلیفە دەستی ئاوەڵا دەکات بۆ لەناوبردن و سزادانی گەندەڵکاران، ئەم کەساتیە لێهاتووەی کورد لە ساڵی(٦٤٠ک/١٢٤٣ز) کۆچی دوایی دەکات.(ابن الفوطي،١٤١٦هـ ، ٣/٣٨٣)

**٤.٥ (العمادة)کوردەکان لە بەغداد**

یەکێک بوو لە پۆستەکان کە سەلجوقییەکان لە عێراقدا دایانهێناوە، ئەو کەسەی ئەم پۆستەی وەردەگرت، لەلایەن سوڵتانی سەلجوقییەوە دادەمەزرا، ئەرکی کارگێڕی هەبوو و بە (عەمیدی عێراق) ناسرا بوو، ئەو کەسەی ئەم پۆستەی وەردەگرت سەرپەرشتی هەموو عێراقی دەکرد، بەهۆی دەسەڵاتە فراوانەکەی بەم ناوە ناسرا بوو، جیاوازیەکەی لەگەڵ(الشحنة) ئەوە بوو کە(الشحنة) تەنها سەرپەرشتی ناوچەیەک یان شارێکی دەکرد بەڵام(عەمیدی عێراق) سەرپەرشتی هەموو عێڕاقی دەکرد.(أبو النصر، ٢٠٠١:٢٩٦)

بەو پێیەی کە پۆستی (عەمیدی عێراق) سەرپەرشتی هەموو عێڕاقی کردووە، کەوایە پۆستێکی گرنگ و کاریگەر بووە، کوردەکان بە هەمان شێوەی پۆستەکانی تر لەم پۆستەش ڕۆڵیان هەبووە، لەلایەن دەسەڵاتدارانی سەلجوقی ئەم پۆستە ڕادەستی کوردان کراوە لەو کەساتییە کوردانەی ڕۆڵیان هەبوو لەم پۆستەدا (يحيى بن الحسين بن جبير، أبو أحمد النهاوندي)یەکێک بووە لە کەساتیە کوردەکان ڕووی لە بەغداد کردووە، دوای مانەوەی لە بەغداد پلەی(العمادة) وەردەگرێت، گەندەڵی لە بەغداد بنبڕ کردووە، بەهۆی سیاسەتە سەرکەوتووەکەی ئەوەوە خەڵکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ئارامیدا ژیاون، پیاوان و ژنان بە شەو و ڕۆژ بەبێ کێشە لە بەغدا دەهاتن و دەچوون، و ئازار و ئەشکەنجەی فارسەکانی لەسەر خەڵک لابرد، کاروبارەکانی ڕێکخست، دادپەروەری بەرقەرار کردووە، لەمەوە ڕوون دەبێتەوە نەهاوەندی چەندە لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەمن و ئاسایش، و جێبەجێکردنی دادپەروەری لە نێوان خەڵکی بەغداد پێداگر بووە.(الذهبي، ١٩٩٣، ٣٠/٥٠٠) لە ساڵی (٤٦٩ک/١٠٧٧ز) کۆچی دوایی کردووە.(ابن الاثیر، ١٩٨٧، ٨/٤١٤)

## دەرئەنجام

١-لە دیارترین ئەو پۆستانەی کە کورد پێی سپێردرا بوو لە ماوەی ئەم توێژینەوەیە، بریتی بوون لە سەرپەرشتی دیوان و دادوەری و بەرپرسی ئەمنی و پەردەداری

٢-کەساتیە کوردەکان توانیویانە لە دیوانەکان پێگەی بەرز بە دەست بهێنن و بەشدار بن لە بڕیارە کارگێڕییە گرنگەکان.

٣-لێهاتووی کوردەکان لە بەڕێوەبردنی پۆستە کارگێڕییەکان بووەتە هۆی ئەوە تەنانەت پۆستە هەستیارەکان لە پاراستنی ئاسایشی شارەکەیان پێ بسپێردرێت.

٤-کوردەکان نەوەک تەنها لەگەڵ خەلیفە و دەسەڵاتدارانی عەباسی پەیوەندیان باش بووە، بەڵکو پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ ئەو هێزانەش دروستکردووە کە لەم سەردەمەدا توانیویانە دەوڵەت و قەوارەی نیمچە سەربەخۆ لە ناو خودی خەلافەتی عەباسی دروست بکەن.

٥-بوونی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی کورد لەگەڵ خەلافەت و هێزە دەسەڵاتدارەکانی تر وایکردووە لە شارەکە پۆستی هەستیار و گرنگیان پێبدرێت.

# لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوە ڕەسەنەکان


- ابن الأثير ، ابي الحسن علي بن ابي الكرم محمد ابن محمد بن عبد الكريم بن عبد الواحد الشيباني(ت: ٦٣٠هـ)، (١٩٨٧م)، الكامل في التاريخ، تح:أبي الفداء عبدالله القاضي، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان.
- الأصبهاني، عماد الدين الكاتب الأصبهاني محمد صفي الدين بن نفيس الدين حامد بن ألة أبو عبد الله(ت: ٥٩٧هـ)، (د.ت)، خريدة القصر وجريدة العصر، د.م، د.د.ن.
- ابن بسام الشنتريني، أبو الحسن علي بن بسام الشنتريني (ت: ٥٤٢هـ)(١٩٧٨م)، الذخيرة في محاسن أهل الجزيرة، تح: إحسان عباس، ط٢، ليبيا، الدار العربية.
- ابن تغري بردي، يوسف بن تغري بردي بن عبد الله الظاهري الحنفي، أبو المحاسن، جمال الدين (ت: ٨٧٤هـ)، (د.ت)، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، دار الكتب، مصر.
-التميمي، المولى تقي الدين بن عبد القادر التميمي الداري الغزي المصري الحنفي، (١٩٨٩م)، الطبقات السنية في التراجم الحنفية، دار الرفاعي- الرياض، السعودية.
-ابن جماعة، أبو عبد الله محمد بن إبراهيم بن سعد الله بن جماعة الكناني الحموي الشافعي بدر الدين (ت: ٧٣٣هـ)، (١٩٨٨م)، تحرير الأحكام في تدبير أهل الإسلام، تح: فؤاد عبد المنعم أحمد، ط٢، الدوحة، دار الثقافة بتفويض من رئاسة المحاكم الشرعية.
-الجهشياري، أبي عبد الله محمد بن عبدوس الجهشياري(١٩٨٨م)، كتاب الوزراء والكتاب، تح: حسن الزين، بيروت، الدار الفكر الحديث.
-الجوهري، أبو نصر إسماعيل بن حماد الجوهري الفارابي (ت:٣٩٣هـ)(١٩٨٧م)، الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، تح: أحمد عبد الغفور عطار، بيروت، دار العلم للملايين.
-ابن حجر الهيتمي، شهاب الدين أحمد بن الحجر المكي(ت: ٩٧٤هـ)، (د.ت)، الفتاوي الكبرى الفقية، د.م، المكتبة الاسلامية.
-الخطيب البغدادي، الإمام الحافظ أبي بكر أحمد بن علي الخطيب البغدادي(ت: ٤٦٣هـ)(٢٠٠٤م)، تاريخ بغداد، تح: مصطفى عبدالقادر عطا، بيروت، دار الكتب العلمية.
-ابن خلدون، عبدالرحمن بن خلدون(ت: ٨٠٨هـ)( ١٩٨١م) ،العبر والديوان المبتدأ و الخبر في تاريخ العرب و البربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، تح:أ.خليل شحادة، بيروت، دار الفكر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-ابن خلكان، أبي العباس شمس الدين احمد بن محمد بن أبي بكر بن خلكان(ت: ٦٨١هـ)، (د.ت)، وفيات الأعيان، تح:احسان عباس، بيروت، دارصادر.

-ابن الدبيثي، محمد بن سعيد بن يحيى بن علي ابن الدبيثي(ت: ٦٣٧هـ)، (٢٠٠٦م)، تح:بشار عواد معروف، بيروت، دار الغرب الاسلامي.

-ابن دريد، أبوبكر محمد بن الحسن بن دريد الأزدي(ت: ٣٢١هـ)، (١٩٨٧م)، جمهرة اللغة، بيروت، دار العلم.

-الذهبي، شمس الدين أبو عبدالله محمد بن أحمد بن عثمان الذهبي(ت: ٧٤٨هـ)،(١٩٩٣م)، التاريخ الإسلام ووفيات المشاهير و الأعلام، تح: عمر عبد السلام التدمري ، بيروت، دار الكتاب العربي.

-الذهبي، شمس الدين، محمد بن أحمد بن عثمان الذهبي (ت: ٧٤٨هـ)( ٢٠٠٦م)، سير أعلام النبلاء، دار الحديث، خرج أحاديثه واعتنى به: محمد أيمن الشبراوي، القاهرة، دار الحديث.

-الرازي، أبو عبد الله محمد بن عمر بن الحسن بن الحسين التيمي الرازي بفخر الدين الرازي خطيب الري (ت: ٦٠٦هـ)(١٤٢٠هـ)، مفاتيح الغيب، ط٣، بيروت، دار إحياء التراث العربي.

-الزبيدي، محمد مرتضـــى الحســـيني الزبيدي(٢٠٠١م)، تاج العروس من جواهر القاموس، تح: جماعة من المختصين، الكويت، وزارة الإرشاد والأنباء و المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب.

-ابن الساعي، علي بن انجب بن عثمان بن عبد الله أبو طالب تاج الدين ابن الساعي(ت: ٦٤٧هـ)، (٢٠٠٩م)، الدر الثمين في أسماء المصنفين، تح: احمد شوقي بنين و محمد سعيد حنشي، تونس، دار الغرب الإسلامي.

-سبط ابن الجوزي، شمس الدين ابو المظفر يوسف بن قز أوغلي بن عبدالله المعروف (سبط ابن الجوزي)(ت: ٦٥٤هـ)، (٢٠١٣م)، مرأة الزمان في تواريخ الأعيان، محققون: محمد بركات و كامل محمد الخراط، الأخرون، دمشق، دار الرسالة العلمية.

-السبكي، تاج الدين عبد الوهاب بن تقي الدين السبكي(ت: ٧٧١هـ)( ١٤١٣هـ)، طبقات الشافعية الكبرى، تح: محمود محمد الطناحي و عبد الفتاح محمد الحلو، ط2، د.م، هجر للطباعة والنشر و التوزيع.

-ابن السمناني، علي بن محمد بن أحمد، أبو القاسم الرحبي المعروف بابن السمناني (ت: ٤٤٩هـ)( ١٩٨٤م)، روضة القضاة وطريق النجاة، تح: صلاح الدين الناهي، ط2، بيروت، مؤسسة الرسالة.

-أبو شـامة المقدسـي، شـامة، أبو القاسـم شـهاب الدين عبد الرحمن بن اسـماعيل بن ابراهيم المقدسـي الدمشقي(ت:٦٦٥هـــ)(١٩٩٧م)، الروضتين في أخبار الدولتين النورية الصلاحية، تح:ابراهيم الزيبق ،ط١، بيروت، مؤسسة الرسالة.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- كمال الدين ابو البركات المبارك(ت: ٦٥٤هـ)،( ٢٠٠٥م)، قلائد الجمان في فرائد الشعراء هذا الزمان، تح: كامل سلمان الجبوري، ط١، بيروت، دار الكتب العلمية.
-الصفدي، صلاح الدين خليل بن أبيك بن عبدالله الصفدي(ت: ٧٦٤هـ)، (٢٠٠٠م)، الوافي بالوفيات، تح: أحمد الأرناؤوط وتركي مصطفى، بيروت، دار إحياء التراث.
- أبو بكر محمد بن يحيى بن عبد الله(ت: ٣٣٥هـ)، (١٩٣٥م)، أخبار الراضي بالله والمتقي لله تاريخ الدولة العباسية من كتاب الأوراق، تح: ج هيورث دن، مصر، مطبعة الصاوي.
- ابن الحجر، أحمد بن علي بن حجر العسقلاني (٧٧٣ -٨٥٢ هـ)، (١٣٩٠هـ)، فتح الباري بشرح البخاري، قام بإخراجه وتصحيح تجاربه: محب الدين الخطيب، ط١، مصر، المكتبة السلفية.
- ابن العجمي، أحمد بن أحمد بن محمد بن أحمد ابن إبراهيم العجمي الشافعي الوفائي المصري الأزهري شهاب الدين(ت: ١٠٨٦هـ)، (٢٠١١م)، ذيل لب اللباب في تحرير الأنساب، تح: شادي بن محمد بن سالم آل نعمان، ط1، اليمن، مركز النعمان للبحوث والدراسات الإسلامية وتحقيق التراث والترجمة.
- ابن عساكر, أبو القاسم علي بن الحسن ابن هبة الله بن عبد الله الشافعي(ت: ٥٧١ هـ)، (١٩٩٥م)، تاريخ مدينة دمشق وذكر فضلها وتسمية من حلها من الأماثل أو اجتاز بنواحيها من ورديها وأهلها، تح: محب الدين أبو سعيد عمر بن غرامة العمروي، د.م، دار الفكر.
-ابن القاص، أبو العباس أحمد بن أبي أحمد الطبري(ت: ٣٣٥هـ)، (١٩٨٩م)، أدب القاضي، تح: حسين خلف الجبوري، ط١، الطائف، مكتبة الصديق.
-ابن الفوطي، كمال الدين أبو الفضل عبد الرزاق بن أحمد الشيباني البغدادي(ت: ٧٢٣هـ)، (١٤١٦هـ)، معجم الأداب في معجم الألقاب، تح: محمد الكاظم، إيران، وزارة الثقافة والإرشاد الإسلامي.
- ابن الفراء، أبو يعلى، محمد بن الحسين بن محمد بن خلف(ت: ٤٥٨هـ)، (٢٠٠٠م)، الأحكام السلطانية، تح: محمد حامد الفقي ، ط٢، بيروت، دار الكتب العلمية.
-ابن الفوطي، كمال الدين أبي الفضل عبدالرزاق بن أحمد الشيباني البغدادي(ت: ٧٢٢هـ)، (٢٠٠٣م)، الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المائة السابعة، بيروت، دار الكتب العلمية.
-القرشي، محيي الدين أبو محمد عبد القادر بن محمد بن محمد بن نصر الله ابن سالم بن أبى الوفاء القرشي الحنفي(٦٩٦-٧٧٥هـ)(١٩٩٣م)، الجواهر المضية فى طبقات الحنفية، تح: عبد الفتاح محمد الحلو، ط2، القاهرة، دار هجر للطباعة والنشر.
-القزويني، زكريا بن محمد بن محمود(ت: ٦٨٢هـ)، (١٩٦٠م)، اثار البلاد و أخبار العباد، بيروت، دار صادر.

-القلقشندي، أحمد بن علي(ت: ٨٢١هـ)، (١٩٨٧م)، صبح الأعشى في صناعة الانشاء، شرحه وعلق عليه وقابل نصوصه: محمد حسين شمس الدين، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت

-ابن كثير، عما الدين أبي الفداء إسماعيل أبن عمر بن كثير القرشي الدمشقي(ت: ٧٧٤هـ)، (١٩٩٣م)، طبقات الشافعين، تح: د.أحمد عمر هاشم و محمد زينهم محمد عزب، د.م، مكتبة الثقافية الدينية.

-الكملائي، محمد حفظ الرحمن بن محب الرحمن، (٢٠١٨م)، البدور المضية في تراجم الحنفية، ط3، القاهرة، دار الصالح.

-الماوردي، علي بن محمد بن حبيب البصري البغدادي(ت:٤٥٠هـ)، (د.ت)، الأحكام السلطانية، القاهرة، دار الحديث.

-ابن المستوفي، المبارك بن أحمد بن المبارك بن موهوب اللخمي الإربلي، معروف بابن المستوفي(ت:٦٣٧هـ)،(١٩٨٠ م)، تاريخ إربل، تح: سامي بن سيد خماس الصقار، العراق، دار الرشيد للنشر.

-ابن الملقن، سراج الدين عمر بن علي بن أحمد الشافعي المصري(ت: ٨٠٤ هــ)،(١٩٩٧م)، العقد المذهب في طبقات حملة المذهب، تح: أيمن نصر الأزهري و سيد مهني، ط1، بيروت، دار الكتب العلمية.

-ابن المنظور، محمد بن مكرم بن علي ابو الفضل جمال الدين ابن المنظور الأنصاري الرويفعي الإفريقي(ت: ٧١١هـ)،(١٤١٤هـ)، لسان العرب، الحواشي: لليازجي وجماعة من اللغويين ط3، بيروت، دار صادر.

-ابن النديم، أبو الفرج محمد بن إسحاق(ت: ٣٨٠هـ)، (٢٠١٤م)، الفهرست، قابله بأصوله وأعده للنشر: أيمن فؤاد سيد، ط2، لندن، مؤسسة الفرقان للتراث الإسلامي و مركز دراسات المخطوطات الإسلامية.

-ابن نظيف الحموي، أبو الفضائل محمد بن علي ،(د.ت)، تلخيص الكشف و البيان في حوادث الزمان، تح:أبو العبد دودو، دمشق، مطبعة الحجاز.

- نظام الملك ، الحسن بن علي بن إسحاق الطوسي(ت: ٤٨٥هــ)،(٢٠١٢م) ، سير الملوك أو سياست نامه، ترجمة: يوسف بكار، الأردن، مطبة السفير.

**ژێدەرەکان بە زمانی عەرەبی**

-الأنباري، عبد الرزاق علي الأنباري(١٩٧٧م)، النظام القضائي في بغداد في العصر العباسي،م النجف، طبعة النعمان.

-التميمي، المولى تقي الدين بن عبد القادر التميمي الداري الغزي المصري الحنفي، (١٩٨٩م)، الطبقات السنية في التراجم الحنفية، الرياض، دار الرفاعي.

-حسن ابراهيم حسن، علي إبراهيم حسن،(د.ت)، النظم الإسلامية، القاهرة، مكتبة النضهة المصرية.

-حسين الفلاح، الكساسبة، (١٩٨٦م)، الدواوين المركزية في العصر العباسي الأول، كلية الأداب الجامعة الأردنية.
-الرحيلي، سليمان الرحيلي،(١٤١٤هـ) السفارات الإسلامية الى الدولة البيزنطية، مكتية التوبة، الرياض،
-السامرائي، يونس عبد الحميد(١٩٧٦م)، السفارات في التاريخ الاسلامي حتى قيام الدولة العباسية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة القاهرة، كلية الاداب دار العلوم.
-سلام النقشبندي، ، سلام أحمد العابيلي الشهرزوري النقشبندي، (٢٠٠٦م)، *مباحث في تاريخ شهوزور*، ط١، اربيل، مطبعة الحاج هاشم.
-صبحي صالح، (١٤١٧هـ)، النظم الاسلامية، ط١، ايران، مطبعة امير.
-عبد الرقيب يوسف، عبد الرقيب يوسف(٢٠٠١م)، الدولة الدوستكية، اربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر.
- عمر رضا كحالة، (د.ت)، معجم المؤلفين، بيروت، دار إحياء التراث العربي.

### ژێدەرەکان بە زمانی کوردی

-زرار صديق،د. زرار صديق تۆفيق، (٢٠٢٠)، کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەتی ئیسلامی، ماد ، تاران.

### نامە ماستەرەکان

-فائده علي، محمد(٢٠٠٧م)، شارەزووریەکان(٦٥٦-٨٧٥ک/ ١٢٥٨-١٤٧٠ز)، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پەراوێزەکان

[1]-النظامية: کۆمەڵە قوتابخانەیەک بوو کە وەزیری ســەلجوقی(نظام الملك)(م٤٨٥ک/١٠٩٢ز) دامەزراندن لە گرنگترینیان(النظامیة) بەغداد بوو، لە نێوان ســاڵانی (٤٥٧-٤٥٩ک/١٠٦٥-١٠٦٧ز) دایمەزراند و بووە ناوەندێکی گرنگی خویندن و فێربوون تاوەکو ئێســتاش ناوی ئەم قوتابخانەیە لە لاپەرەکانی مێژوو دەدرەوشێتەوە. (نظام الملك، ٢٠١٢: ٢١)

[2]-الفضل بن الربيع: بن يونس بن مهمد بن عبدالله بن ابي فروة كيسان مولى عثمان بن عفان الاموي ناسراوە بن یونس ناسراوە بە أبي الفضل، وواتە لەبنچینەدا مەوالی ـ موسڵمانی ناعەرەب بووە، لە ساڵی(١٤٠ک/٧٥٨ز) لە دایک بووە، پەردەداری هەر یەکێک لە خەلیفە(هارون الرشيد) و (الأمين) بووە ، پەردەرای هارون بووە دوواتر دەبێتە وەزیر لەسەردەمی هارون دوای لێدان ولەناوبردنی بەرمەکیەکان ، چونکە ئەم الفضل بن الربيع زۆر دژیان بوو ـ هەروەها لەسەردەمی ئەمینیش وەزیر بووە ، بڕوانە الجهشیاری باوکیشی پەردەدار بووە لە سەردەمی هەر یەکێک لە خەلیفە (المنصور والمهدي) لە ساڵی(٢٠٨ک/٨٢٤ز) کۆچی دوایی کردووە.(الخطيب البغدادي، ٢٠٠١، ١٤/٣٠٣-٣٠٥)

[3]- الشاشية:جۆرە کڵاوێک بووە، خاوەن پێگەکان لەسەریان کردووە، ئەم کڵاوە لە حەریر یان پێست یان هەر شتێکی تر دروستکراوە. (جهشیاري، ١٩٨٨: ١٦٩؛ ابن بسام الشنتريني، ١٩٧٨، ٢/٩٤٥)

[4]- باب العامة:یەکێک بووە لە دەرگاکانی(دار الخلافة) کۆشکی خیلافەت لە تەنیشت مزگەتی(جامع القصر).(ابن العمراني، ٢٠٠١: ١٥)

[5]-( باب النوبي):یەکێک بوو لە دەرگاکانی بەشی خۆرهەڵاتی بەغداد، کە (العتبة) لێبووە کە کە جێگای گرنگی پێدانی پاشایان و خەڵک بووە بەهۆی پیرۆزی شوێنەکە.(القلقشندي، ١٩٨٧، ٤/٣٣٣)

[6]-سمرقند: دەکەوێتە پشت ڕووباری جەیحۆن، وە پێیّ وتراوە شاری(المحفوظة)، لەلایەن(کیکاوس ابن کیقباد) دامەزراوە، بلدانیەکان لە ستایشی ئەم شارەدا وتوویانە هیچ شارێک نە بووە خۆشترو جوانتر لە سەمەرقەند.(القزويني، ١٩٦٠: ٥٣٥)

[7]- أمير الامراء: کاروباری خەلافەت لەســەردەمی خەلیفە (الراضــي)(٣٢٢-٣٢٩ک/٩٣٣-٩٤٠ز) وەزیران و کاربەدەســتانی دەوڵەت هیچ هەوڵێکیان نەدەدا بۆ باشــترکردنی بارودۆخی دەوڵەت، چارەســەرکردنی گیروگرفتەکانی دەوڵەت لەڕووی ئابوری و سیاســی و کۆمەڵایەتی و هەموو بوارەکان بە گشــتی، لاوازی خەلیفەش دەستێوەردانی کاربەدەستە باڵا و گەندەڵەکانی لە کاروباری دەوڵەت زیاترکرد، ئەمەش وایکرد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خەلیفە ڕازی بیر لە ڕێگە چارەیەک بکاتەوە بۆ گۆڕانکاریکردن لە کاروباری خەلافەت، هەر لە ساڵی(٣٢٤ک/٩٣٥ز) بۆیە(ابن رايق) ئەو کات والی(واسط، البصرة)بوو، وەک(أمير الامراء) دەوڵەت دەستنیشانکرد، ناوبراو یەکەمین کەس بوو ئەم پۆستە و ئەم نازناوەی پێ بدرێت، دەسەڵاتێکی یەکجار زۆری پێداوە، هەر یەکێک لە ئەرکەکانی سەرپەرشتیکردنی سوپا و بەڕێوەبردنی باج و موڵکایەتی و چەندین ئەرکی تری پێ سپارد.(ابن العبري، ١٩٩٧: ١٤٣؛ ابن الاثير، ١٩٨٧، ١٢٣/٧)

---

# The Administrative Role of Kurds in Baghdad (3rd-7th AH/9th-13th CE)

**Rezhna Mohammed Rasheed**
Department of History, College of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.
Email: rezhnamuhammad94@gmail.com

**Asst. Prof. Hamza kaka Yassin**
Department of History, College of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.
Email: hamza.yaseen@soran.edu.iq

## Abstract
The role of Kurds in Baghdad during the 3rd-7th centuries AH/9th-13th centuries CE is considered one of the important topics in scientific research, especially among medieval historians. Several special aspects of civilization have remained undiscussed during this period. This research focuses on several historical topics related to the role of Kurds in Baghdad, particularly in the judicial sector, governmental departments (diwans), and Kurdish representatives in Baghdad, as well as the personalities and families who played roles in this field. The research also examines how Kurdish individuals were represented in Baghdad's institutions, especially during the Abbasid Caliphate.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Within the framework of the historical texts discussed in this research, it becomes evident that Kurds played significant roles in administration in Baghdad across various ranks and positions. Kurds were not limited to a single administrative field but rather held several high and diverse positions and performed successfully in them. In the context of this topic, "The Administrative Role of Kurds in Baghdad in the 3rd-7th centuries AH/9th-13th centuries CE" was chosen as the title of the research.

***Keywords***: *Executive, Judiciary, court, Representative, Ambassador.*

## دور الإداري للكرد في بغداد خلال القرون(٣-٧هـ/ ٩-١٣م) الدور الاداري للكورد في الدولة العباسية في بغداد

### ملخص:

يُعتبر دور الكرد في بغداد خلال القرون(٣-٧هــــــ/٩-١٣م) من المســـائل والموضـــوعات المهمة في الدراســات العلمية، خاصــة من قبل مؤرخين، وهناك مجموعة من القضــايا والموضــوعات الحضــارية الخاصــة التي لم يتم التركيز عليها كثيراً وبقيت غامضــة. دراســتنا تسـلط الضـوء على عدة موضـوعات تاريخية متعلقة بدور الكرد في بغداد، خاصــة الجانب القضــائي والدواوين والجوانب الأخرى في بغداد، وكذلك الشـخصـيات والعائلات التي كانت لهم دور في هذه المجالات، وأيضـاً كيفية تصـوير وجود الفرد الكردي في مؤسـسـات بغداد وخصـوصـاً في عهد الخلافة العباسية. في إطار النصـوص التاريخية التي تم تسليط الضوء عليها في هذه الدراسة، يتضح أن الكرد كانت لهم دور مهم في المجال الإداري في بغداد، إضـافة إلى العديد من المناصب الأخرى. لم يقتصـر نفوذ الأكراد على المجال الإداري فحسـب، بل تولوا العديد من المناصــب والمواقع الرفيعة والمتنوعة وكانوا ناجحين ومتميزن في إدارة مناصــبهم. في إطار هذا الموضوع، تم اختيار دور الإدارى للكرد في بغداد في القرون (٣-٧هـ/٩-١٣م) كعنوان لبحثنا

**كلمات المفتاحية:** الادارة، القضاء، ديوان، الوفد، السفير.